# جوێن بە با مەدەن، ئەگەر شتێکتان بینی کە پێتان ناخۆش بوو، بڵێن: (االلَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ هَذِهِ الرِّيحِ وَخَيْرِ مَا فِيهَا وَخَيْرِ مَا أُمِرَتْ بِهِ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ هَذِهِ الرِّيحِ وَشَرِّ مَا فِيهَا وَشَرِّ مَا أُمِرَتْ بِهِ)

لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جوێن بە با مەدەن، ئەگەر شتێکتان بینی کە پێتان ناخۆش بوو، بڵێن: (االلَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِ هَذِهِ الرِّيحِ وَخَيْرِ مَا فِيهَا وَخَيْرِ مَا أُمِرَتْ بِهِ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ هَذِهِ الرِّيحِ وَشَرِّ مَا فِيهَا وَشَرِّ مَا أُمِرَتْ بِهِ)»، واتە: «ئەی خودایە، داوای هەر خێرێکت لێدەکەین کە بەهۆی ئەم بایەوە تووشمان دەبێت، وە ئەو خێرەی کە تێیدایە، وئەو خێرەی کە فەرمانپێکراوە بیگەیەنێت، وخودایە پەنات پێدەگرین لە هەر شەڕێک کە بەهۆی ئەم بایەوە تووشمان ببێت، وە ئەو شەڕەی کە تێیدایە، وئەو شەڕەی کە فەرمانپێکراوە بیگەیەنێت».

[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە جوێندان ونەفرەت کردن لە با، چونکە ئەو فەرمانپێکراوە لەلایەن خوڵقێنەرەکەی، ڕەحمەت یان سزا دەهێنێت، وجوێندان پێی وەکو جوێندانە بە الله ی خوڵقێنەری، وناڕەزایی دەبڕینە بەرامبەر قەزا وقەدەری خودا، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونی کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ لای الله خوڵقێنەری ئەم بایە ئەمیش بە داوا کردن لێی؛ بەوەی چی خێری تێدایە وبۆی نێردراوە بیبەخشێت وەکو باران وگواستنەوەی تۆیەکان وهتد، وپەنا بە الله بگرێت لە ئەو شەڕەی تێیدایە وبۆی نێردراوە وەکو لەناچوونی دار وڕووەك ومەڕوماڵات وڕووخانی خانوو وبیناکان وهتد، وداوا کردن لە خوای گەورە لەم حاڵەتەدا؛ ئەمە لوتکەی بەندایەتی کردنە بۆ الله -سبحانه وتعالى-.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5976